Zanco Journal of Human Sciences (ZJHS)

TYPE: Original article
DOI https://doi.org/10.21271/zjhs.29.Con3.5

# ئاڕاستەکانی قوتابیانی زانکۆ سەبارەت بەبڵاوکردنەوەی هەواڵی تاوانکاری لە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکاندا : توێژینەوەیەکی مەیدانیە بۆ قوتابیانی کۆلێژی ئاداب لە زانکۆی سەلاحەدین

**وریا روستم محمد**/ بەشی ڕاگەیاندن، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین،-هەولێر،هەرێمی کوردستان،عێراق

**جواد محمد امين عيسى**/ بەشی ڕۆژنامەوانی، کۆلێژی ڕاگەیاندن، زانکۆی کرکوک، کرکوک، عێراق

OPEN ACCESS

*Corresponding author
Wria Rostam Muhamad
wria.muhamad@su.edu.krd

RECEIVED :06 /03/2025
PUBLISHED :20/08/2025

**وشە سەرەکییەکان:**
ئاراستە
قوتابیانی زانکۆ
تاوانکاری
کەناڵە ئاسمانییەکان

## پوختە

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە زانینی ئاڕاستەی قوتابیانی زانکۆ سەبارەت بە بڵاوکردنەوەی هەواڵی تاوانکاری لە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان و زانینی ئەوەی تاچەند بڵاوکردنەوەی هەواڵی تاوانکاری بەشداری دەکات لە بەدیهێنانی وشیارییەکی جەماوەری دەربارەی کاری تاوانکاری ودواجاریش کەمکردنەوەی ڕێژەی تاوانکاری لەکۆمەڵگادا. ئەم توێژینەوەیە پشتی بە توێژینەوەکانی وەسفی بەستووە بە بەکارهێنانی میتۆدی ڕووپێوی جەماوەری ئامرازەکانی ڕاگەیاندن. کۆمەڵگەی توێژینەوەکە قوتابیانی زانکۆی سەلاحەدینە لەهەولێر وقوتابیانی کۆلێژی ئاداب سامپڵی توێژینەوەن و(150)قوتابی لە خۆدەگرێت، کە دابەشکراوە بەسەر بەشەکانی ڕاگەیاندن و کۆمەڵناسی و دەروونزانی کە بۆ هەر بەشێک (50)قوتابی لەخۆدەگرێت وبەشێوەی سامپڵی مەبەستدار دیاری کراوە، توێژەران بۆ کۆکردنەوەی داتا وزانیارییەکان ئامرازی فۆرمی ڕاپرسیان بەکارهێناوە. لەگرنگترین ئەو دەرەنجامانەی کە توێژینەوەکە پێیگەیشتووە بریتین لە: کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان گرنگییەکی زۆر بەهەواڵی تاوانکاری دەدەن ئەمەش بەهۆی گرنگ بوونی ئەم جۆرە هەواڵانە و زۆربوونی ڕێژەی جەماوەرییان کە زۆرێک لە ڕەگەزەکانی سەرنجڕاکێشی و جیاوازی و تازەیی تێدایە. ئەمەش ئەوە دەردەخات کە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان گرنگی بە بەرژەوەندی و پێداویستیەکانی کۆمەڵگە نەدەن وپەنا بۆ بڵاوکردنەوەی هەر بابەتێک دەبەن کە ڕێژەی بینەر زیاد بکات ئەگەر مەترسیشی هەبێت بۆ سەر تاکەکانی کۆمەڵگە.

**About the Journal**
Zanco Journal of Humanity Sciences (ZJHS) is an international, multi-disciplinary, peer-reviewed, double-blind and open-access journal that enhances research in all fields of basic and applied sciences through the publication of high-quality articles that describe significant and novel works; and advance knowledge in a diversity of scientific fields. https://zancojournal.su.edu.krd/index.php/JAHS/about

**پێشەکی:**

ئامرازەکانی ڕاگەیاندن لە مێژووی مرۆڤایەتیدا ڕۆڵێکی گەورەیان هەبووە لە هۆشیارکردنەوەی تاکی کۆمەڵگە و کاریگەریشیان لەسەر کۆی دامەزراوەکانی کۆمەڵگە دروستکردووە لەگشت بوارێکدا، بە هۆکارێکی گرنگی گواستنەوەی پەیامەکانی ڕۆژ دادەنرێت کە ئاراستەی جەماوەریان دەکات. هەروەها ئامرازەکانی ڕاگەیاندن کاریگەری بەرچاوییان هەیە لەسەر تاکی کۆمەڵگە بەلایەنی ئەرێنی چ لەرێگای پێگەیاندنی وگەشەسەندنی هۆشیاری بێت یاخود لەرێگەی گۆرینی بیروباوەڕو شێوازو ڕەفتارەکانی تاک و کۆمەڵدا، بە شێوەیەکی درووست و زۆرجاریش زیانی گەورە دوای خۆیان جێدەهێڵن و کاریگەری توندوتیژی و دەمارگیری و ڕەفتاری خراپ لە کۆمەڵگە پەرەپێدەدەن و هۆکارێکن بۆ زۆربوونی تاوان لەکۆمەڵگەدا.

تاوانیش دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییەو لە هەموو کۆمەڵگەیەکدا بوونی هەبووە و ڕێژە و شێوازی تاوان و ئەنجامدانی تاوان لە کۆمەڵگەیەکەوە بۆ کۆمەڵگەیەکی دیکە جیاوازە و بە زیادبوونی ڕێژەی تاوانیش ناسەقامگیری کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگە درووست دەبێت. بەڵام توێژەران ئامرازەکانی ڕاگەیاندن بە یەکێک لە هۆکارەکانی زیادبوونی ڕێژەی تاوان لە کۆمەڵگە دادەنێن. بەو پێیەی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن چەندین ئەرکیان هەیە، یەکێک لەوانە ئەرکی گەیاندنی هەواڵ و زانیارییە بە جەماوەر ،کە ئەوەش یەکێکە لە پێویستییە سەرەکییەکانی مرۆڤ، بەڵام ئەوەی ئەمڕۆ لە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن دەبینرێ بە تایبەت لە کاتی بڵاوکردنەوەی هەواڵی تاوانکارییدا، زیاتر ئامانجییان ورژاندنی بینەر و ڕێژەی زیادبوونی بینەری ئەو کەناڵانەیە بەوەی نهێنی پشتی ڕووداوی تاوانەکان و وردەکارییەکان بڵاودەکەنەوە. بۆیە توێژەران بەگرنگی دەزانن لەو بارەیەوە توێژینەوەیە ئەنجام

بدەن بۆ زانینی ئاراستەی قوتابیانی زانکۆ سەبارەت بە ڕۆڵ وکاریگەری بڵاوکردنەوەی هەواڵی تاوانکاری لەکەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان لە سەر دەروونی تاکدا.

**1. چوارچێوەی میتۆدی توێژینەوە:**

**1.1 کێشەی توێژینەوەکە:**

یەکێک لەو بابەتانەی کە بە تێڕوانینی توێژەران کێشەیەکی دیاری لەناو کۆمەڵگە دروستکردووە، بریتییە لە بڵاوکردنەوەی هەواڵی تاوانکاری، کە ڕۆژ لەدوای ڕۆژ زیاتر لەلایەن ئامرازەکانی ڕاگەیاندن بەگشتی و تەلەفزیۆن بەتایبەت گرنگی پێدەدرێت، بایەخێکی زۆر لە پێکهاتەی هەواڵەکانی کەناڵەکانی داگیرکردووە، بەهۆی ئەوەی تاکەکانی کۆمەڵگە بەگرنگییەوە بایەخ بەزانین و ئاگاداربوون لەو جۆرە هەواڵانە دەدەن، ئەمەش کاریگەری لە سەر بونیادی کۆمەڵگە دروست دەکات .

بۆ ئەم مەبەستە کێشەی ئەم توێژینەوەیە بریتیە لەزانین و وەسفکردنی هەڵوێست و ئاراستەی قوتابیانی زانکۆ بەرامبەر بە ڕووماڵکردنی تاوان لە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان و خستنەڕووی دیدگای سامپڵی توێژینەوە سەبارەت بەو کاریگەرییانەی لەسەر قوتابیان و لەسەر کۆمەڵگە بەگشتی دروستی دەکات.

**2.1 گرنگی توێژینەوەکە:**

ئەم توێژینەوەیە گرنگی کردەیی خۆی لەو ڕۆڵە وەردەگرێت کە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان دەتوانن بیگێڕن لە هۆشیاری هەمەلایەنە لە تاوان و جۆرەکان و ڕێگاکانی ڕێگریکردن لێیان، هەروەها توێژینەوە لە هەڵوێست وئاراستەی قوتابیانی زانکۆ بەرامبەر بە بڵاوکردنەوەی هەواڵی تاوان دەکۆڵێتەوە، بەم شێوەیە وزە و توانای گەنجان بەکاردەهێنرێت بۆ ڕێگریکردن یان دوورکەوتنەوە لە جۆرەکانی تاوان لەناو کۆمەڵگەدا. هەروەها ئەم توێژینەوەیە سەرنجی تایبەتی لەسەر قوتابیانی زانکۆیە بۆ زانینی ئاراستە و بۆچوونەکانیان سەبارەت بە ڕووماڵکردنی هەواڵەکانی تایبەت بە تاوان، وهەروەها دەستنیشانکردنی ئەو کاریگەرییە نەرێنی و ئەرێنییەکانی لەسەر دەروونی تاکەکانی کۆمەڵگە دروستی دەکات.

**3.1 ئامانجی توێژینەوەکە:**

ئامانجەکانی توێژینەوەکە بریتیین لە:

1- ئاشکراکردنی ڕادەی کاریگەری کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان لە لەبەلاریدابردني کۆمەڵگە بۆ گۆمەڵگەیەکی پڕ لەتاوان لەروانگەی قوتابیانی زانکۆدا.

2- ئاشکراکردنی تا چەند بڵاوکردنەوەی هەواڵی تاوانکاری لە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان دەبێتە هۆی شێوازی

نوێ بۆ ئەنجامدانی تاوانی هاوشێوە لەلایەن تاکەکانی کۆمەڵگەدا لەروانگەی قوتابیانی زانکۆدا.
3- ئاشکرا کردنی ڕادەی بایەخدان و ئارەزوومەندی قوتابیانی زانکۆ بۆ بەدواداچوونی هەواڵی تاوانکاری لەکەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان لەگەڵ خستنەڕووی هۆکارەکانی ئەم بایەخدانە.
4- زانینی ڕادەی ڕەزامەندی قوتابیانی زانکۆ لە ڕووماڵکردنی تاوان لەکەناڵە ئاسمانییە کوردییەکاندا.
5- زانینی ئاڕاستەی قوتابیانی زانکۆ سەبارەت بە بڵاوکردنەوەی هەواڵی تاوانکاری لەلایەن کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان.

### 4.1 پرسیارەکانی توێژینەوە:

1- تا چ ئاستێک قوتابیانی زانکۆ گرنگی دەدەن بەبەدواداچوونی هەواڵی تاوانکاری لەکەناڵە ئاسمانییە کوردییەکاندا؟
2- زانینی ڕادەی پشتبەستنی سامپڵی توێژینەوە بە هەواڵی تاوانکاری لە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکاندا؟
3- ئەو هۆکارانە چین کە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان زیاتر بایەخ بەبڵاوکردنەوەی هەواڵی تاوانکاری دەدەن لەروانگەی قوتابیانی زانکۆدا؟
4- تا چ ئاستێک هەواڵە تاوانکارییەکان لەکەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان، وێنایەکی پاڵەوان وقارەمانانە بە تاوانکاران دەبەخشن؟
5- تاچەند کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان هەوڵیانداوە لەدوای بڵاوکردنەوەی هەواڵێکی تاوانکاری، چارەنووس وسزای تاوانباریش بۆ جەماوەر بخەنەڕوو؟
6- تا چ ڕادەیەک قوتابیانی زانکۆ بە گونجاوی دەزانن پێوەرێک هەبێت بۆ نیشاندانی وردەکارییەکانی هەواڵی تاوانکاری؟
7 - تا چ ڕادەیەک تاکەکان لەکاتی بینینی هەواڵی پەیوەست بەتاوان لەڕێگەی ئامرازێکی دیکەوە بەدوای وردەکاری زیاتری شێوازی ڕوودانی تاوانەکە دەگەڕێن؟
8- ئەو کاریگەرییانە چین کە لەئەنجامی بڵاوکردنەوەی هەواڵی تاوانکاری لە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان لەسەر تاکدا دروستی دەکات؟

### 5.1 جۆرو ڕێبازی توێژینەوەکە:

بۆ گەیشتن بە ئامانجەکان و وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی توێژینەوەکە، توێژەران پشتییان بە توێژینەوەی وەسفی بەستووە؛ کە وەسف وخستنە ڕووی بۆچوون و ئاڕاستەی سامپڵی توێژینەوە دەکات، بۆ ئەم مەبەستە میتۆدی ڕوپێوی جەماوەری ئامرازەکانی ڕاگەیاندنیان بەکارهێناوە، ئامانج لێی زانینی ئاڕاستەی قوتابیانی زانکۆیە سەبارەت بە بڵاوکردنەوە و کاریگەری هەواڵی تاوانکاری لەسەر تاکدا.

### 6.1 کۆمەڵگە و سامپڵی توێژینەوەکە:

- **کۆمەڵگەی توێژینەوە:** بریتییە لە قوتابیانی زانکۆی سەلاحەدیین لە هەولێر.
- **سامپڵی توێژینەوە:** بریتییە لە قوتابیانی قۆناغی سێیەم و چوارەمی بەشەکانی ڕاگەیاندن و کۆمەڵناسی و دەروونزانی لەکۆلێژی ئاداب.
- قەبارەی سامپڵ: (150)قوتابی لەخۆدەگرێت، کە دابەشدەکرێت بەسەر بەشەکانی ڕاگەیاندن و کۆمەڵناسی و دەروونزانی کە بۆ هەر بەشێک (50) قوتابی لەخۆدەگرێت. بۆ دیاریکردنی ئەو بەشانە، توێژینەوەکە سامپڵی ناهەڕەمەکی مەبەستداری بەکارهێناوە، لەبەر ئەوەی قوتابیانی ئەو سێ بەشە زیاتر پەیوەندییان بەبابەتی تاوانکارییەوە هەیە، بەشێوەیەک قوتابیانی هەر سێ بەشەکە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆیان بەبابەتی ڕاگەیاندن وتاوانکاریەوە هەیە، وزیاتر لەگەڵ پسپۆڕی ئەو بەشانە دەگونجێت و زیاتر وادەکات توێژینەوەکە ئامانجەکانی بپێکێت و داتای درووست فەراهەم بکات.

**7.1 بوارەکانی توێژینەوە:**

- **مرۆیی:** قوتابیانی زانکۆ
- **شوێن:** کۆلێژی ئاداب- هەولێر
- **ماوە:** 2023/10/1 تا 2023/12/31

**8.1 ئامرازەکانی توێژینەوە:**

توێژینەوەکە ئامرازی فۆری ڕاپرسی بەکارهێناوە وەک ئامرازی کۆکردنەوەی داتا و زانیارییەکان، کە لە ڕێگەیەوە دەتوانرێت ئاراستەی قوتابیانی زانکۆ سەبارەت بە ڕووماڵکردن و بڵاوکردنەوەی هەواڵی تاونکاری لەکەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان دەستنیشان بکات، هەروەها فۆرمەکە دابەشبووە بەسەر چەند تەوەرێک کە پەیوەندییان بە ئامانجەکانی توێژینەوەکە هەیە، بەجۆرێک لەکۆمەڵێک پرسیار پێکهاتووە کەدەتوانرێت ئامانجەکانی توێژینەوەکە دەستەبەر بکات.

**9.1 تاقیکردنەوەی ڕاستی و جێگیری فۆرمی ڕاپرسی:**

یەکەم: دیاریکردنی ئەو داتا وزانیاریانەی کەتوێژینەوەکە هەوڵی بۆ دەدات بەشێوەیەک لەگەڵ پرسیار و ئامانجە دەستیشانکراوەکاندا بگونجێت.

دووەم: لەکاتی دانانی پرسیارەکان لەبەرچاوگرتنی لە بوونی تێکەڵێەک لە پرسیارە داخراو وکراوەکاندا کە چەندین بژاردە و جێگرەوەی بۆ ساملپی توێژینەوەکە فەراهەم دەکات تا ڕێگەیەوە بتوانرێت دەستکراوە بن لە هەڵبژاردن و دیاری کردنی بژاردەکان وبەهۆیەوە ئاراستە و دیدیگای خۆیان بە دروستی بخەنەڕوو.

سێیەم: نیشاندانی فۆرمی ڕاپرسی بەژمارەیەک لەپسپۆڕانی ئەکادیمی بواری ڕاگەیاندن و دەروونناسی و کۆمەڵناسی(*)بۆ دڵنیابوون لەڕاستی و دروستی پرسیار و بژاردەکانی فۆرمەکە تا چەند دەبێتە هۆی بەدەستهێنانی ئەو زانیاریانەی کە پەیوەستن بە ئامانج و پرسیارەکانی توێژینەوەکە.

چوارەم: توێژەر دووبارە هەڵسان بە ئەنجامدانی تاقیکردنەوە لەسەر نموونەیەک لە ساملپی توێژینەوەکە بەرێژەی (10%)ی سامپڵەکە واتە (15 کەس)، دوای کۆکردنەوەی زانیارییەکان پاش نزیکەی دە ڕۆژ، بەهای ڕێژەی جێگیری 91.0% بوو، کە ئەمەش ئاماژەیە بۆ ڕەوایی فۆرمی ڕاپرسی بۆ لایەنی مەیدانی توێژینەوەکەدا.

**2. توێژینەوەکانی پێشوو:**

1.2 ئیسماعیل، عەفاف عەبدوڵلا (2021) ئاڕاستەی جەماوەر بەرامبەر بە ڕوماڵی ڕۆژنامەوانی هەواڵی تاوان- لێکۆڵینەوەیەکی مەیدانی لەسەر نمونەیەک لە هاوڵاتیانی وڵاتانی عەرەبی.

ئەم توێژینەوەیە ئامانجی دیاریکردنی ئاڕاستەی جەماوەرە لە وڵاتانی عەرەبی بەرامبەر بە بڵاوکردنەوەی هەواڵی تاوانکاری لەرۆژنامەکاندا وچاودێریکردنی گرنگترین جۆرەکانی تاوان کە رۆژنامەکان بڵاویان دەکەنەوە، هەروەها دیاریکردنی چۆنیەتی مامەڵەکردنی ڕۆژنامەکان لەگەڵ تاوانەکان لە وڵاتانی عەرەبیدا، ڕوونکردنەوەی لایەنە باش و خراپەکانی ڕووماڵکردنی ڕۆژنامەکان بۆ جۆرە هەواڵانە. ئەم توێژینەوەیە توێژینەوەیەکی وەسفییە کە تیایدا توێژەر فۆرمی ڕاپرسی بەکارهێناوە، کەتێدا نمونەیەکی هەڕەمەکی لە ١٠٠ هاوڵاتی وڵاتانی عەرەبی لەخۆگرتووە. توێژینەوەکە دەریخستووە کە 44%ی نمونەی توێژینەوەکە پێیان وایە زۆربەی ئەو تاوانانەی ڕۆژنامەکان ڕووماڵیان کردووە بریتیبوون لە هەواڵی کوشتنن، لە توێژینەوەکەدا دەرکەوتووە کە 55%ی نمونەی توێژینەوەکە پێیانوابووە کە ڕوومالی ڕۆژنامەکان بۆ هەواڵی تاوانەکان هاوسەنگ بووە.

2.2 ئەلەزرەق، نرمین نەبیل (2018) هەڵوێستی گشتی بەرامبەر بە ڕووماڵکردنی تاوان لە ڕۆژنامەکانی میسردا. ئامانجی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە وەسفکردنی ئاڕاستەی جەماوەری میسری بەرامبەر بە ڕووماڵکردنی تاوان لەرۆژنامەکانی میسری و ئەو کێشانەی کە پەیوەستن لەڕوانگەی ڕای گشتی بۆ کاریگەرییەکانی ئەم هەواڵانە لەسەر کۆمەڵگە بەگشتیدا. توێژینەوەکە پشتی بەئامرازی ڕاپرسی بەستووە بۆ چاودێریکردن و وەسفکردنی ئاڕاستەی سامپڵی توێژینەکەدا لەسەر نمونەیەکی هەڕەمەکی کە پێکهاتبوو لە 400 کەس لەخەڵکی میسردا.

ئەنجامی لێکۆڵینەوەکە دەریخستووە کە لێکچوونێک لەهەندێک جۆری کەموکورتی لەڕووماڵکردنی تاوان لە ڕۆژنامەکاندا هەیە، جا چ لەسەر ئاستی هەموو جیهان بێت یان لەسەر ئاستی وڵاتانی عەرەبی، هەروەها جەماوەر بە شێوەیەکی بەرچاو ڕوو لە بەکارهێنانی ڕۆژنامەگەری ئەلیکترۆنی و سۆشیال میدیا دەکەن بۆ بەدەستهێنانی

زانیاری و بەدواداچوون بۆ ڕووماڵکردنی ئەو تاوانانەی کە تا ڕادەیەکی زیاتر لە ڕۆژنامەگەری چاپی تەقلیدی سەرنجراکێشیان هەیە.

3.2 ئەلنەفیسە، عەبدوڵلا بن عەبدولڕەحمان(2009)، هەڵوێستی گەنجانی سعودی لەزانکۆکان بەرامبەر بە بڵاوکردنەوەی هەواڵی تاوان لە ڕۆژنامە ناوخۆییەکان و پەیوەندییان بە تایبەتمەندییە کۆمەڵایەتییەکانیانەوە.

ئامانجی توێژینەوەکە دەستنیشانکردنی ئاڕاستەی گەنجانی سعودیە لەزانکۆکان بەرامبەر بە بڵاوکردنەوەی هەواڵی تاوان لە ڕۆژنامە ناوخۆییەکان و پەیوەندییان بە تایبەتمەندییە کۆمەڵایەتییەکانیانەوە، توێژەر ڕێبازی وەسفی بەکارهێناوە لە ڕێگەی دابەشکردنی فۆرمی ڕاپرسییەوە لەسەر گەنجانی سعودی لە نێوان تەمەنی ١٨ بۆ ٣٠ ساڵ کە قوتابی زانکۆی ئیسلامی ئیمام محەمەد بن سعود و زانکۆی مەلیک سعودن.

دەرئەنجامی توێژینەوەکە ئەوەی دەرخستووە کە زۆربەی گەنجانی زانکۆ لەساملێی توێژینەوەکە بەدواداچوون بۆ تاوان لەڕۆژنامە ناوخۆییەکان دەکەن بۆ ئەوەی زانیاری لەسەر تاوانە باوەکانی سعودیە بزانن، هەروەها کچان پلەیەکی بەرزتریان لە ڕەزامەندی هەیە لەوەی کە بڵاودەکرێتەوە، بەراورد بە ڕەگەزی کوڕاندا.

### 3. چەمکەکانی توێژینەوەکە:

1.3 **ئاڕاستە:** مەبەستی توێژەران لەم چەمکە بریتییە لە هەڵوێیست و ئاڕاستە و ئەو بۆچوونانەی کە قوتابیانی زانکۆ دەریدەبڕن سەبارەت بە بڵاوکردنەوەی هەواڵی تاوان لە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکاندا.

2.3 قوتابی زانکۆ: مەبەست لە قوتابی زانکۆ لەم توێژینەوەیەدا بریتییە لەقوتابیانی قۆناغی سێیەم و چوارەمی بەشەکانی ڕاگەیاندن و کۆمەڵناسی و دەروونزانی کۆلێژی ئادابی زانکۆی سەلاحەدین بۆ ساڵی خوێندنی 2023-2024.

3.3 بڵاوکردنەوە: بریتییە لەپەخش و بڵاوکردنەوەی هەموو ئەو هەواڵانەی پەیوەستن بەتاوان، کە لەکەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان لە سنوری هەرێمی کوردستان بڵاودەکرێتەوە.

4.3 هەواڵی تاوانکاری: بریتییە لەو هەواڵانەی دەربارەی هەر جۆرێک لە جۆرەکانی تاوان بڵاودەکرێتەوە جا پێش گەیشتنیان بەدادگاکان و کردنەوەی دۆسیە بۆیان بڵاودەکرێنەوە، یاخود گەیشتوون بە دادگاکان، بەڵام لە زەمینەی ڕووداوەکەوە باسی لێوە دەکرێت و بڵاودەکرێتەوە .

### 4. تیۆری بەکارهاتوو لەم توێژینەوەیەدا:

#### 1.4 کورتەیەك لەسەر تیۆری پشتبەستن بە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن:

ئەم توێژینەوەیە پشت بەتیۆری پشتبەستن بە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن وەک چوارچێوەیەکی تیۆری دەبەستێت،کە وابەستەیی بە کاریگەرییەکانی ڕاگەیاندنەوە هەیە. ئامرازەکانی ڕاگەیاندن یەکێکە لەسەرچاوە گرنگەکان کە تاکەکان پشتی پێدەبەستن بۆ بەدەستهێنانی زانیاری لەسەردەمی مۆدێرندا، لەگەڵ ئاڵۆزی ژیان لەکۆمەڵگە مۆدێرنەکان و پێشکەوتنی بەردەوامی تەکنەلۆژیای میدیایدا، تادێت گرنگی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن زیاتر دەبن لە گواستنەوەی زانیاریدا، لەلایەکی دیکەوە تیۆری پشت بەستن بە ئامرازەکانی ڕاگەیاندنەوە درێژکراوەی تیۆری بەکارهێنان و تێربوونە، جیاوازی نێوانیان ئەوەیە کە یەکەمیان سەرنجی لەسەر ئامانجەکانە، لەکاتێکدا دووەمیان سەرنجی لەسەر جەماوەر دەبێت. ئەم تیۆرە لە هەندێک توخم لەکۆمەڵناسی و هەندێک چەمک لە دەروونناسی لەخۆدەگرێت (نها، 2018)

دیلفیر و پۆڵ ڕۆکیتچ مۆدێلی وابەستەیی میدیایی لەچوارچێوەی کاریگەرییەکانی میدیادا خستەڕوو،کە لەسەر سێ بنەمای سەرەکی دامەزراون. لەئەنجامی تێکەڵکردن و کۆکردنەوەی ئەو سێ بنەمایەیە کە بریتیە لە(جەماوەر و ئامرازەکانی ڕاگەیاندن و کۆمەڵگە (Ball-Rokeach, 1985, pp. 485-510). کەجەخت لەوە دەکاتەوە کە"دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان وسیستەمی میدیایی کارلێک لەگەڵ جەماوەر دەکەن بۆ دروستکردنی پێویستی" (Stephen W. Littlejohn, 2008, pp. 302-303 ).

ئەم تیۆرییە یەکێکە لە تیۆرییەکانی کاریگەریی مامناوەندی میدیایی، وەک تیۆرییەکانی دیکە لەسەر بنەمای: پلەبەندی و ڕێزبەندی، بەکارهێنان و تێربوون دامەزراوە، کە میدیا کاریگەرییەکی هەیە کە لە نێوان بەهێز و لاواز، ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆدا، وسەرنج دەخاتە سەر دوو پرسیاری بنەڕەتی: میدیا چی دەوێ؟ جەماوەر چی لەمیدیا دەوێ؟ (هادي، 2008)، واتە پەیوەندی نێوان سیستەمی کۆمەڵایەتی و دەزگاکانی ڕاگەیاندن و جەماوەر

تاقیدەکاتەوە و چۆن هەریەکەیان لەگەڵ ئەوی تردا کارلێک دەکەن و کاریگەرییان لەسەر دروست دەبێت و کاریگەرییان لەسەر دەبێت (Rosenberry, 2009, pp. 127-131)، بەو شێوەیە تیۆری پشتبەستن بە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن لە زۆرێک لە توێژینەوەکاندا لەبەرچاو گیراوە کە باس لە کاریگەریی میدیا لەسەر ئاڕاستەی جەماوەر دەکات" (Watson, 2008 , pp. 76-78).

**2.4 گریمانەکانی تیۆرەکە:**

تیۆری پشتبەستن بە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن وا گریمانە دەکات کە تا ڕۆڵی ڕاگەیاندن لە تێرکردنی پێداویستی تاکەکاندا زیاتر بێت، گرنگی ڕاگەیاندن لە ژیانیاندا زیاتر دەبێت، بەو پێیەی کاریگەریی ڕاگەیاندن لەسەر زانیاری وهەڵوێست و ڕەفتارەکانی تاکەکان دەبێت. بەشێوەیەک ڕادەی وابەستەیی تاکەکان بە زانیاری میدیایی بنەمایە بۆ تێگەیشتن لە کاریگەریی میدیا، هەروەها لەسەر پەیوەندی سێ قۆڵی دیاری دەکرێت لە نێوان سیستەمی کۆمەڵایەتی و ڕۆڵی ڕاگەیاندن لەم سیستەمەدا و پەیوەندیی جەماوەر بە ئامرازەکانی ڕاگەیاندندا (Stanley J. Baran, 2009 ., p. 324)،تیۆرەکە ئاماژە بەوە دەکات کە تاکەکان لە کاتی ململانێ و گۆڕانی کۆمەڵایەتی و کولتووریدا پشتبەستنیان بە سەرچاوەی زانیاری لە میدیاکانەوە زیاد دەکات. ئەم تیۆرییە لەسەر کۆمەڵێک گریمانە دامەزراوە (DeFleur, 1989, p. 240):

-کۆمەڵگەکان بە پێی پلەی سەقامگیری خۆیان جیاوازن، هەرچەند پشێوی و ناسەقامگیری لە کۆمەڵگەیەکدا زیاتر بێت، ئەندامانی کۆمەڵگەزیاتر پشت بە میدیاکان دەبەستن.

- تا سیستمی میدیایی هەنووکەیی لە کۆمەڵگایەکدا توانای گەیشتن بە ئامانجەکانی جەماوەر لەم کۆمەڵگایەدا و تێرکردنی پێداویستییەکانیدا هەبێت، جەماوەر زیاتر پشت بە میدیاکان دەبەستێت.

- ڕادەی پشتبەستن بە میدیا لە نێو خەڵکدا بە پێی بارودۆخ و تایبەتمەندی و ئامانجەکانیان جیاوازە.

هەروەها (دیڤلیێر)و(ساندراپۆل ڕۆکیتچ) چاودێری کۆمەڵێ لێکەوتەو کاریگەرییان کرد کە لە ئەنجامی پشتبەستنی تاکەکان بەڕاگەیاندن لەڕێگەی سێ پۆلی بنەڕەتییەوە سەرچاوە دەگرن کەبریتین لە: لێکەوتە مەعریفیەکان، لێکەوتە سۆزدارییەکان و لێکەوتە ڕەفتارییەکان. یەکەمیان لێکەوتە مەعریفیەکانە، کە بریتین لەناڕوونی کە لەئەنجامی کەمی زانیارییەوە، دژایەتییەکەی، یان ڕوودانی دروستی گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکان دروست دەبێت. دووەمیان لێکەوتە سۆزدارییەکانی پشتبەستنی تاکەکان بە میدیا وەک سەرچاوەیەکی زانیاری زۆرن، وسێیەمیان بریتین لەبێباکی سۆزداری، هەروەها هەستکردن بەترس ودڵەڕاوکێ. لێکەوتەی پشتبەستن بەڕاگەیاندن درێژدەبێتەوە بۆ ئەوەی لایەنی ڕەفتاری تاکەکانیش دەگرێتەوە، یان تاکەکان لە ئەنجامی بەرکەوتنیان بە میدیا چالاک دەبن، یان بەپێچەوانەوە جۆرێک لە ناچالاکی لەنێو تاکەکاندا ڕوودەدات(لیلی، 2012، ص329).

**5. لایەنی تیۆری توێژینەوەکە:**

**1.5 کاریگەری هەواڵی تاوانکاری لەسەر دەروونی تاک.**

بڵاوکردنەوەی هەواڵی تاوان لە میدیاکان لەڕۆژگاری ئەمڕۆدا لە هەموو ئاستەکانی ناوخۆ و نێودەوڵەتیدا دیاردەیەکی سەرەکییە، وسنووردار نییە بەوڵاتێک یان ناوچەیەکی دیاریکراودا، ئامرازەکانی ڕاگەیاندن، بە تایبەتی کەناڵە ئاسمانییەکان، ڕۆڵی گرنگیان هەیە لە بەڕێوەبردنی زۆرێک لە تاوانەکان لەسەر ئاستی جیهاندا، کە ئەمەش وایکردووە هەندێک لەتوێژەران جەخت لەوە بکەنەوە کە تەلەفزیۆن تەنها ئامرازێکی چاودێری نییە، بەڵکو نوێنەرایەتی یەکێک لەهێزە بنەڕەتییەکان دەکات لەپەرەپێدانی تاوان، جا بەشێوەی ڕاستەوخۆ بێت یان بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ (النفیسة، 2009).

شارەزایانی بواری ڕاگەیاندن ئاماژە بەوە دەکەن، ئامرازەکانی ڕاگەیاندن بەیەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی بەرزبوونەوەی ڕێژەی تاوان و لادان لەکۆمەڵگە دادەنرێت، وبەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر ڕەفتاری تاک دروست دەکات (هرزاني، 2005). ئەمەش هۆکارە بۆ دروستبوونی دڵەڕاوکێ لەلای تاک، بەشێوەیەک ڕادەی هەستکردن بەئاسایش و ئارامی کەمدەکاتەوە، هەروەها بڵاوکردنەوەی وردەکاری تاوانەکان کاریگەری خراپ لەسەر باری دەروونی تاوانکارو تاوانلێکراو درووست دەکات (شواني، 2021). لەلایەکی دیکەوە بڵاوکردنەوەی هەواڵی تاوان وکارە توندووتیژییەکان بوونەتە فاکتەرێکی بەرچاو لەزیادکردنی ڕێژەی تاوان لەنێو

کۆمەڵگە، ئەگەر زیندان بریتیبێت لەزانکۆیەک بۆ فێرکردنی تاوان، ئەوا تەلەفزیۆن بریتییە لەقوتابخانەی ئامادەیی بۆ لەرێ لادانی لاوان، ئەمەش مانای ئەوەیە کە زۆربەی تاوانباران لەرێگەی تەلەفزیۆنەوە فێری ئەنجامدانی تاوان بوون (سالح، 2016). هەروەها بۆ ئەو کەسانەش کەبەنیازی ئەنجامدانی تاوانی هاوشێوەن، سوود لەکەم و کورییەکان وەردەگرن تا بەشێوازێکی باشتر تاوانەکان ئەنجام بدەن، بەشێوەیەکی گشتی دەبێتە هۆکارێک تا تاکەکانی کۆمەڵگە فێری ئەنجامدانی تاوان بکات (شوانی، 2021).

**2.5 تێڕوانین و بیروبۆچوون و ئاڕاستەی پسپۆران سەبارەت بە هەواڵی تاونکاری:**

پسپۆران تێڕوانین و بیروبۆچوونی جیاوازییان هەیە سەبارەت بەسوودو زیانەکانی تایبەت بە بڵاوکردنەوەی هەواڵی تاوانکاری لەئامرازەکانی ڕاگەیاندندا، هەندێکیان دژی بڵاوکردنەوەی هەواڵی تاوانکارین و هەندێکیش پشتگیری بڵاوکردنەوەی هەواڵی تاوانکاری دەکەن و هەندێکیش لەنێوان ئەم دوو بۆچوونە کۆمەڵێک مەرج دادەنێن (إسماعیل، 2021). لەخوارەوە ئاماژە بەم بیروبۆچوونانە دەدەین.

**1.2.5 ئاڕاستەی یەکەم: لایەنگرانی بڵاوکردنەوەی هەواڵی تاوانکاری.**

لایەنگرانی بڵاوکردنەوەی هەواڵی تاوانکاری بڕوایان وایە کە بڵاوکردنەوەی تەواوی هەواڵەکان کارێکی بە بەسوودە بۆ ئاگاداربوونی تاکەکانی کۆمەڵگە، تابزانن چی لەکۆمەڵگاکەیاندا دەگوزەرێت و ڕوودەدات، لە تێڕوانینی ئەم گرووپەوە بڵاوکردنەوەی هەواڵی تاوانکاری بەشداریدەکات لەبەدیهێنانی وشیارییەکی جەماوەری دەربارەی قێزەونی کاری تاوانکاری و دواجاریش کەمکردنەوەی ڕێژەی تاوانکاری، بیانوو و پاساوەکانی ئەم گرووپە پێیان وایە کە میدیاکان ئاوێنەی کۆمەڵگان وەدەکرێت سەرجەم ئەو ڕووداوانەی تێدا تۆماربکرێت و بڵاوی بکاتەوە بەو مەبەستەی خەڵکی ئاگاداری بارودۆخی کۆمەڵگاکەیان ببن وهەروەها هەواڵەکانی تاوان، هەموو ڕاستیەکانی تایبەت بەو تاوانە دەدات بەجەماوەر لە بڵاوکردنەوەی ناوی تاوانکار و ئەنجامدانی تاوانەکە بەو جۆرەش کۆمەڵگە لەبەرامبەریدا ڕێوشوێنی پێویست دەگرنەبەر (نها، 2018). هەروەها میدیاکان ڕەوشتی تاوانکاران وفێڵ وتەڵەکە وشێوازە جۆراوجۆرەکانیان لەئەنجامدانی تاوانەکاندا ئاشکرادەکەن، ئەمەش دەبێتە هۆی هۆشیاری تاکەکانی کۆمەڵگە (سالح، 2016).

**2.2.5 ئاڕاستەی دووەم: نەیارانی بڵاوکردنەوەی هەواڵی تاوانکاری**

ئەم گرووپە بڕوایان وایە، کەبڵاوکرنەوەی هەواڵی تاوانکاری برەودانە بەخودی تاوان وئەنجامدانی لەناو کۆمەڵگەدا، بەتایبەت کاتێک تاوانەکە بەشێوەیەکی دراماتیکی وسەرنجراکێش لەلایەن میدیاکانەوە ڕووماڵ دەکرێت (إسماعیل، 2021).دەکرێت پاساوەکانی ئەم گرووپەش بۆ بڵاونەکردنەوەی هەواڵەکانی تاوانکاری کورت بکەینەوە. ئامرازەکانی ڕاگەیاندن بەشێوەیەکی خراپ و زیانبەخش هەواڵەکانی تایبەت بە تاوان بڵاودەکەنەوە، بەو واتایەی کەوێنایەکی هەڵەو شێوێنراوی ڕووداوەکە دەخەنە بەردەست وزیادەڕەوی تێدا دەکەن ولەپێگەی تاوانباران بەرز دەکەنەوە و هەندێکجار دەیانخەنە ئاستی پاڵەوانەکانەوە (المغامسي، 2002). ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی خەڵک لاسایی تاوانبارەکە بکەنەوە، لەبەر ئەوەی"غەریزەی لاساییکردنەوە" لەمرۆڤدا هەیە" (محمود، 2010). لەلایەکی دیکەوە هەواڵەکانی تایبەت بەتاوان، تاوانباران بەهەوڵەکانی پۆلیس و شێوازو هۆکارەکانیان ئاشنا دەکات، ئەوەش وادەکا تاوانباران بزانن چۆن خۆیان لە فێڵ و شێوازەکانی کاری هێزەکانی پۆلیس بپارێزن (المغامسي، 2002).

هەندێک ڕۆژنامەو کەناڵی میدیایی دیکە، بەتایبەت ماڵپەڕەکان، لەکاتی بڵاوکردنەوەی هەواڵەکانی تاوانکاریدا و بەمەبەستی زیاتر دەرخستنی قەبارەی تاوانەکەو وروژاندنی خوێنەر، هەڵدەستن بە دانانی وێنەگەلێکی ئەو تاوانانەی ئەنجامدراوە، کە پڕییەتی لە وێنەی نەشیاو، ئەوەش بێگومان کاریگەری گەورەی دەبێت لەسەر دەروونی تاک بەتایبەت منداڵان و ئەو کەسانەی کەلەڕووی دەروونیەوە کاریگەر دەبن بەم جۆرە وێنانە (سالح، 2016).

**.3.2.5 ئاڕاستەی سێیەم مامناوەندە لەنێوان قەدەغەو ڕێپێداندا:**

ئەم ئاراستەیە پێیوایە کەتاوان بڵاوبکرێتەوە، بەڵام بەکۆمەڵێک پێوەر ومەرج ورێنمایی، لەوانە: ئامرازەکانی ڕاگەیاندن پابەند بن بەخستنەڕووی ڕاستییەکانی تاوانی ڕاستەقینە، بۆ ئەوەی لەوردەکارییەکانیدا ورد بێت، و لەمامەڵەکردنی لەگەڵ تاوانەکەدا بابەتیانە بێت، هەروەها تاوانەکان ڕوون بکەنەوە ورەهەند وکاریگەرییەکانیان شیبکەنەوە، ولە کاتی بڵاوکردنەوەی ڕووداوەکە یان تاوانەکەدا زیادەڕەوی نەکەن و ڕوماڵی ڕۆژنامەوانی لەسەر

تاوانەکە لەسەر بنەمای خستنەڕووی ڕاستیەکان بەتەنها بێت، جگە لە ڕاستی هیچی تر نەبێت (ناجي، 2002).
پسپۆرانی بواری ڕاگەیاندند چەند پێوەر و بنەمایەکییان بۆ ئامرازەکانی ڕاگەیاندن و میدیاکاران دیاریکردوە کە پێویستە لەکاتی بڵاوکردنەوەی هەواڵی تاوانکاریدا پابەندی بن لەوانە:

1- پابەندبوون بە بڵاوکردنەوەی هەواڵی تاوانکاری لەسنووری بەهاکانی کۆمەڵگە و ئادابی گشتیدا. ئادابی گشتی هەموو شتێک دەگرێتەوە کەپەیوەندی بە بنەماکانی کەرامەتی ئەخلاقی هەیە، ڕۆڵی ڕاگەیاندن دەبێت ڕۆڵێکی ئەرێنی هەبێت لەڕەتکردنەوەی خراپ و ناشرینەکان و هەموو ئەو شتانەی کە لەیاسا و داب ونەریتی ئایین و کۆمەڵگە لادەدەن وهەروەها تیشک بخاتە سەر لایەنە باش و چاکەکان، پشتگیریان بکات، ڕاگەیاندن دەبێت ڕۆڵی کۆمەڵایەتی خۆی لە کۆنترۆڵکردن و بەرگریکردن دژ بە ڕەفتاری تاوانکاریدا بەجێبهێنێت (علم الدين، 2011).

2- ڕەچاوکردنی وردبینی و بابەتیبوون لەبڵاوکردنەوەی هەواڵی تاوان وتا پێویستە ئاوانکاریدا، ئامرازەکانی ڕاگەیاندن هەوڵی وردبینی بدەن پێش بڵاوکردنەوەی هەواڵی تاوان و ڕووداوەکان وهەروەها پێش بڵاوکردنەوەی وردەکارییەکانی تاوانەکە، بۆ ئەوەی دەزگا میدیاییەکانەوە نەکەونە ناو دژایەتییەکەوە کە متمانەی خوێنەران لەدەستبدەن(Mencher., 1993, p. 476).

3- دوورکەوتنەوە لە وروژاندن، زیادەڕەوی، سووکایەتی پێکردن: هەواڵەکان سەبارەت بەتاوان و ڕووداوەکان بەیەکێک لە وروژێنەرترین کەرەستە میدیاییەکان دادەنرێت بۆ جەماوەر، هەر بۆیەش سەرنجێکی زۆری میدیاکان وەردەگرێت، زۆرجار هەندێک میدیاکار ئەم تایبەتمەندییە بە شێوەیەکی نەرێنی دەقۆزنەوە، پشتبەستنێکی زۆر بە وروژاندن و زیادەڕەوی بۆ ڕاکێشانی خەڵک ئەنجامدەدات.

4- کاریگەری لەسەر بەڕێوەچوونی لێکۆڵینەوەکان یان پرەنسیپی دادپەروەری دروست نەکرێت (علم الدين، 2011).

5- لەبەچاوگرتنی بەرپرسیارێتی ئەخلاقی کە مەبەست لێی ڕەچاوکردنی ئیتیک و ڕەوشتی ڕاگەیاندنە لەلایەن میدیاکاران و ڕۆژنامەنووسان و دامەزراوەکانی ڕاگەیاندنەوە (محمد، 2023، 105-122).

**6. لایەنی مەیدانی توێژینەوەکە.**

**1.6 هۆکارە دیموگرافییەکانی بەرتوێژان:**

**خشەی(1) هۆکارە دیمۆگرافییەکان ڕوون دەکاتەوە**

| تایبەتمەندییەکان | | ڕاگەیاندن | | کۆمەڵناسی | | دەروونزانی | | کۆی گشتی | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | ژ | % | ژ | % | ژ | % | ژ | % |
| ڕەگەز | نێر | 27 | 54 | 29 | 58 | 22 | 44 | 78 | 52 |
| | مێ | 23 | 46 | 21 | 42 | 28 | 56 | 72 | 48 |
| تەمەن | 18-21 | 30 | 60 | 25 | 50 | 25 | 50 | 80 | 53.3 |
| | 22-25 | 16 | 32 | 24 | 48 | 18 | 36 | 58 | 38.7 |
| | 26 وزیاتر | 4 | 8 | 1 | 2 | 7 | 14 | 12 | 8 |
| قۆناغ | سێ | 25 | 50 | 25 | 50 | 25 | 50 | 75 | 50 |
| | چوار | 25 | 50 | 25 | 50 | 25 | 50 | 75 | 50 |

لە خشتەی (1)ڕوون دەبێتەوە کە کۆی گشتی ڕێژەی نێر (52%)بۆ هەر سێ بەشی ڕاگەیاندن و کۆمەڵناسی و دەروونزانی و ڕێژەی مێ (48%) بووە بۆ هەر سێ بەشەکە، بۆیە هەر دوو ڕەگەز لەیەکەوە نزیکن، ئەمەش هەلی یەکسان بە هەردوو ڕەگەز فەراهەم دەکات بۆ گوزارشت لە ئاڕاستەکانیان. لەلایەکی دیکەوە تەمەنی سامپڵی توێژینەوەکە ڕوونکراوەتەوە، کە کۆی بەرتوێژان لەهەر سێ بەشەکە بەرێژەی (53.3%)، تەمەنیان لەنێوان(18-21) ساڵ وبەرێژەی (38.7%) تەمەنیان لە نێوان(22-25) ساڵ و بەرێژەی (8%)تەمەنیان لە(26 و زیاتر)ساڵ بووە. هەروەها ڕێژەی بە شداربووانی قۆناغی سێیەم و چوارەم بە شێوەی یەکسان دابەش کراوە کە ڕێژەی (50%) لەسامپڵی توێژینەوەکە پێک دەهێنن.

### 2.6 ڕادەی سەیرکردنی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان.

خشتەی (2) ڕادەی سەیرکردنی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان ڕوون دەکاتەوە

| ئاستەکان | ڕاگەیاندن | | کۆمەڵناسی | | دەروونزانی | | کۆی گشتی | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ژ | % | ژ | % | ژ | % | ژ | % |
| بەبەردەوامی | 8 | 16 | 10 | 20 | 12 | 24 | 30 | 20 |
| هەندێک جار | 32 | 64 | 25 | 50 | 13 | 26 | 70 | 46.6 |
| بەدەگمەن | 10 | 20 | 15 | 30 | 25 | 50 | 50 | 33.4 |
| کۆی گشتی | 50 | 100 | 50 | 100 | 50 | 100 | 150 | 100 |

داتاکانی خشتەی (2) ئاماژە بەچەند ئەنجامێک دەکەن، لەوانە: ڕێژەی ئەو کەسانەی کە بەشێوەیەکی نارێک (هەندێکجار)سەیری کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان دەکەن گەیشتووەتە(46.6%)، وڕێژەی ئەوانەی کە بە شێوەیەکی ڕێکوپێک سەیری کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان دەکەن گەیشتووەتە(20%) وڕێژەی ئەوانەی سەیری کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان دەکەن بەشێوەی دەگمەن گەیشتووەتە(33.4%)لە قوتابیانی سامپڵی توێژینەوە. لەلایەکی دیکەوە بەتێکەڵکردنی ڕێژەی دوو ڕادەی"بەردەوامی"و"هەندێکجار"پێکەوە، زۆرینەی ڕێژەی بەشداربووان پێکدەهێنن کە بریتییە لە (66.6%) لەنێوان بینینی مامناوەند و بەرزدایە، ئەمەش نیشاندەرێکی زۆر ئەرێنییە بۆ ڕادەی سەیرکردن، کە ئاماژەیە بۆ گرنگی کەناڵە کوردییەکان وەک ئامرازێکی ڕاگەیاندن لەڕووی چڕ وڕێژەی سەیرکردن لەلایەن قوتابیانی زانکۆوە کە نوێنەرایەتی کۆمەڵگەی توێژینەوە دەکەن.

### 3.6ئاگاداربوون لە هەواڵەکان:

خشتەی (3) ڕادەی ئاگاداربوون لە هەواڵەکان ڕوون دەکاتەوە

| ئاستەکان | ڕاگەیاندن | | کۆمەڵناسی | | دەروونزانی | | کۆی گشتی | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ژ | % | ژ | % | ژ | % | ژ | % |
| زۆر | 22 | 44 | 5 | 10 | 13 | 26 | 40 | 26.6 |
| کەم | 8 | 16 | 15 | 30 | 16 | 32 | 39 | 26 |
| تاڕادەیەک | 20 | 40 | 30 | 60 | 21 | 42 | 71 | 47.4 |
| کۆی گشتی | 50 | 100 | 50 | 100 | 50 | 100 | 150 | 100 |

لە خشتەی(3) ڕووندەبێتەوە کە تەواوی یەکەکانی سامپڵی توێژینەوەکە لەهەرسێ بەش، ڕادەی ئاگاداریبوونیان لەهەواڵەکانی تاوانکاری بەپلەی یەکەم بۆ بەشی ڕاگەیاندن دەگەڕێتەوە ودواتر بەشەکانی دەرونزانی و کۆمەڵناسی بەدوای یەکەوە دێن. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە قوتابیانی بەشی ڕاگەیاندن بەڕێژەیەکی زۆر ئاگاداری هەواڵەکانن لەچاو هەردوو بەشەکەی دیکەی سامپڵی توێژینەوە. بەو پێیەی قوتابیانی ئەو بەشە ڕادەی سەیرکردن و بەدواداچوونیان بۆ ئامرازەکانی ڕاگەیاندن زیاترە و ئەمەش بەهۆی پسپۆری بوارەکەیان ونزیکییان لە ئامرازەکان ودەیانەوێت ئاگاداری ڕووداوەکانی کۆمەڵگە بن.

**4.6گرنگیدان بەهەواڵەکان:**

خشتەی (4)ڕادەی گرنگیدان بە هەواڵەکان لەڕێی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن ڕوون دەکاتەوە

| ئاستەکان | ڕاگەیاندن | | کۆمەڵناسی | | دەروونزانی | | کۆی گشتی | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ژ | % | ژ | % | ژ | % | ژ | % |
| سۆشیال میدیا | 44 | 52.4 | 36 | 57.2 | 51 | 68 | 131 | 59 |
| تەلەفزیۆن | 20 | 23.8 | 20 | 31.7 | 13 | 17.5 | 53 | 23.7 |
| پێگە ئەلیکترۆنییەکان | 18 | 21.5 | 2 | 3.2 | 8 | 10.6 | 28 | 12.7 |
| ڕادیۆ | 2 | 2.3 | 1 | 1.5 | 1 | 1.3 | 4 | 1.8 |
| ڕۆژنامە | - | 0 | 2 | 3.2 | 1 | 1.3 | 3 | 1.4 |
| گۆڤار | - | 0 | 2 | 3.2 | 1 | 1.3 | 3 | 1.4 |
| کۆی وەڵامەکان | 84 | %100 | 63 | %100 | 75 | %100 | %100 | |
| کۆی ئەوانەی زیاتر لە وەڵامێکیان هەڵبژاردووە(222) | | | | | | | | |

لەخشتەی (4)ڕووندەبێتەوە کەتەواوی یەکەکانی سامپڵی توێژینەوە لەهەرسێ بەشەکە بەڕێژەی(23.7%) گرنگییان بە سەیرکردنی هەواڵ لەڕێگەی تەلەفزیۆنەوە داوە، هەروەها بەڕێژەی(59%)گرنگییان بەهەواڵ لەڕێگەی سۆشیال میدیا، وبەڕێژەی (12.7%) گرنگییان بە هەواڵ لە ڕێگەی پێگە ئەلیکترۆنییەکان داوە. بەڵام هەر یەک لە ئامرازەکانی ڕۆژنامە و گۆڤار و ڕادیۆیەوە بەڕێژەی(1.8%)و(1.4%)و(1.4%) لەدوای یەکەوە هاتوون لەڕووی گرنگیدا بە هەواڵەکاندا. ئەمەش ئەوە ڕووندەکاتەوە کە زۆرینەی سامپڵی توێژینەوە ئامرازی سۆشیال میدیا بەکاردەهێنن، بەهۆی ئاسانی بەکارهێنان وخێرا گەیاندنی ڕووداوەکان، ئەمەش جێگەی بە ئامرازەکانی دیکە لەقکردووە، لەلایەکی دیکەوە قوتابیانی زانکۆ بەهۆی کەمی کات وسەرقاڵبوون بەخوێندنەوە کەمتر دەتوانن کاتیان بۆ ئامرازەکانی دیکە تەرخانبکەن.

**5.6 بایەخدان بە هەواڵی تاوانکاری:**

خشتەی (5)ڕادەی بایەخدانی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان بە هەواڵی تاوانکاری ڕوون دەکاتەوە

| ئاستەکان | ڕاگەیاندن | | کۆمەڵناسی | | دەروونزانی | | کۆی گشتی | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ژ | % | ژ | % | ژ | % | ژ | % |
| زۆر | 29 | 58 | 27 | 54 | 39 | 78 | 95 | 63.4 |
| کەم | 6 | 12 | 13 | 26 | 6 | 12 | 25 | 16.6 |
| تارادەیەک | 15 | 30 | 10 | 20 | 5 | 10 | 30 | 20 |
| کۆی گشتی | 50 | 100 | 50 | 100 | 50 | 100 | 150 | 100 |

بە پێی خشتەی (5) کە ڕادەی بایەخپێدانی سامپڵی توێژینەوە بەهەواڵی تاوانکاری لەلایەن کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان لە لایەن هەر سێ بەشەوە ڕووندەکاتەوە، کۆی بەرتوێژان بەرێژەی(63.4%) پێیان وایە بەڕادەی زۆر کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان بایەخیان داوە بەبڵاوکردنەوەی هەواڵی تاوانکاری وبەرێژەی(16.6%) بە ڕادەی کەم وبەڕێژەی(20%)بەڕادەی مامناوەند. لێرەدا ڕووندەبێتەوە بەرێژەییەکی زۆر کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان گرنگی بەهەواڵی تاوانکاری دەدەن، ئەمەش بەهۆی گرنگ بوونی ئەم جۆرە هەواڵانە و زۆربوونی ڕێژەی جەماوەرییانە کە زۆرێک لەڕەگەزەکانی سەرنجڕاکێشی و جیاوازی و تازەیی تێدایە.

**6.6 گەڕان بەدوای هەواڵی تاوانکاری:**

خشتەی(6) ڕادەی بەدواگەڕانی سامپڵی توێژینەوە بۆ وردەکاری هەواڵی تاوانکاری ڕوون دەکاتەوە

| ئاستەکان | ڕاگەیاندن | | کۆمەڵناسی | | دەروونزانی | | کۆی گشتی | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ژ | % | ژ | % | ژ | % | ژ | % |
| بەبەردەوامی | 17 | 34 | 2 | 4 | 6 | 12 | 25 | 16.6 |
| هەندێکجار | 27 | 54 | 32 | 64 | 33 | 66 | 92 | 61.4 |
| بەدەگمەن | 6 | 12 | 16 | 32 | 11 | 22 | 33 | 22 |
| کۆی گشتی | 50 | 100 | 50 | 100 | 50 | 100 | 150 | 100 |

لەخشتەی (6) ڕووندەبێتەوە کە تەواوی بەرتوێژان لەهەرسێ بەشەکە بەڕێژەی(16.6%)بەڕادەیەکی بەردەوام بەدوای وردەکاری هەواڵە تاوانکارییەکان دەگەڕێن و بەڕێژەی(61.4%) هەندێکجار بەدوای وردەکاری هەواڵە تاوانکارییەکان دەگەڕێن و بەڕێژەی(22%) بەدەگمەن بەدوای وردەکاری هەواڵە تاوانکارییەکان دەگەڕێن. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە قوتابیانی زانکۆ بەڕێژەیەکی زۆر بەدوای وردەکاری هەواڵە تاوانکارییەکان دەگەڕێن وکاتێک سەیری هەواڵێک دەکەن تامەزرۆن بۆ بەدواداچوون لەوردەکارییەکانی هەواڵەکە و ئەمەش بەپێی کات ڕەنگە کاریگەری خراپی لەسەر دەروونیان درووست بکات.

**7.6 هۆکارەکانی پەنابردن بۆ بڵاوکردنەوەی هەواڵی تاوانکاری:**

خشتەی(7) هۆکارەکانی پەنابردنی کەناڵە کوردییەکان بۆ بڵاوکردنەوەی هەواڵی تاوانکاری ڕوون دەکاتەوە

| ئاستەکان | ڕاگەیاندن | | کۆمەڵناسی | | دەروونزانی | | کۆی گشتی | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ژ | % | ژ | % | ژ | % | ژ | % |
| بۆ زۆربوونی ڕێژەی جەماوەری ئامرازەکانی ڕاگەیاندن | 32 | 28.6 | 17 | 18.8 | 32 | 24.4 | 81 | 24.3 |
| ئاگاداربوون لەوەی چی ڕوودەدات لە کۆمەڵگە | 17 | 15.2 | 27 | 30 | 15 | 11.4 | 59 | 17.7 |
| نەبوونی شارەزایی لە مەترسی ئەم جۆرە هەواڵانە لەسەر کۆمەڵگە | 11 | 9.8 | 5 | 5.5 | 19 | 14.5 | 35 | 1.5 |
| بڵاوکردنەوەی بەمەبەست بۆ بەلاڕێدابردنی جەماوەر لەسەر بابەتە هەنووکەییەکانی کۆمەڵگە | 14 | 12.5 | 5 | 5.5 | 24 | 18.3 | 43 | 1.9 |
| هۆشیارکردنەوەی خەڵک لە مەترسییەکانی تاوان | 15 | 13.4 | 11 | 12.2 | 16 | 12.2 | 42 | 12.6 |
| دیاریکردنی سزای ڕێگریکردن بۆ ئەنجامدەری تاوان | 11 | 9.8 | 12 | 13.5 | 14 | 10.7 | 37 | 11.2 |
| کەمکردنەوەی تاوانەکان بە بڵاوکردنەوەی وردەکاریەکانیان | 12 | 10.7 | 13 | 14.5 | 11 | 9.4 | 36 | 10.8 |
| کۆی گشتی (333) | | | | | | | | |

لەخشتەی (7)هۆکاری پەنابردنی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان بۆ بڵاوکردنەوەی هەواڵی تاوانکاری ڕووندەکاتەوە، لەکۆی بەرتوێژان لەهەرسێ بەشەکە، بەڕێژەی(24.3%) پێیان وایە بۆ زۆربوونی ڕێژەی جەماوەری کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان وڕێژەی(17.7%) بەرتوێژان پێیان وایە بۆ ئاگاداربوونە لەوەی چی ڕوودەدات لەکۆمەڵگە وڕێژەی(12.6%) پێیان وایە هۆشیارکردنەوەی خەڵک لەمەترسییەکانی تاوان وڕێژەی (5.1%)کە کەمترین ڕێژەی بەرتوێژانە پێیان وایە شارەزایی نەبوون لەمەترسی ئەم جۆرە هەواڵانە لەسەر کۆمەڵگە. کەواتە لەمەوە ڕووندەبێتەوە کە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان گرنگی بە پێداویستیەکانی کۆمەڵگە نادەن، بەڵکو پەنا بۆ بڵاوکردنەوەی هەر بابەتێک دەبەن کە ڕێژەی بینەر زیاد بکات، ئەگەر مەترسیشی هەبێت بۆ کۆمەڵگە.

### 8.6 وێناکردنی تاوانکار بە پاڵەوان:

خشتەی(8)ڕادەی شێوازی وێناکردنی کەسی تاوانکار ڕوون دەکاتەوە

| ئاستەکان | ڕاگەیاندن | | کۆمەڵناسی | | دەروونزانی | | کۆی گشتی | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ژ | % | ژ | % | ژ | % | ژ | % |
| زۆر | 18 | 36 | 6 | 12 | 13 | 26 | 37 | 24.6 |
| کەم | 10 | 20 | 30 | 60 | 5 | 10 | 45 | 30 |
| تاڕاددەیەک | 22 | 44 | 14 | 28 | 32 | 64 | 68 | 45.4 |
| کۆی گشتی | 50 | 100 | 50 | 100 | 50 | 100 | 150 | 100 |

لەخشتەی (8)ئەنجامەکان ئەوە دەردەخەن کە لەکۆی بەرتوێژان لەهەر سێ بەشەکە بە ڕێژەی(24.6%) بەڕادەی زۆر هەواڵە تاوانکارییەکان وێنایەکی پاڵەوانیان بە تاوانبار بەخشیوە وڕێژەی (30%) بەڕادەی کەم و بەڕێژەی (45.4%) بەڕادەی مامناوەند هەواڵە تاوانکارییەکان وێنایەکی پاڵەوانیان بەتاوانبار بەخشیە. کەواتە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان هەواڵەکانیان بەئاسایی دانەڕشتووە ولەپێگەی تاوانبارانیان بەرزکردۆتەوە، زیرەکی و توانایی تاوانباریان لەسەر ئەنجامدانی تاوانەکە ورووژاندووە، ئەمەش بە هەنگاوێکی ترسناک دادەنرێت کە هەست و خەیاڵی تاکەکان ببزوێنێت و پاڵییان پێوەبنێت بۆ هەنگاونان بۆ ڕێچکەی ئەم جۆرە تاوانانە.

### 9.6 بوونی فلتەر بۆ بڵاوکردنەوەی هەواڵی تاوانکاری:

خشتەی(9) ڕادەی هەبوونی فلتەر بۆ بڵاوکردنەوەی وردەکاری هەواڵێکی تاوانکاری ڕوون دەکاتەوە

| ئاستەکان | ڕاگەیاندن | | کۆمەڵناسی | | دەروونزانی | | کۆی گشتی | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ژ | % | ژ | % | ژ | % | ژ | % |
| زۆر | 36 | 72 | 26 | 52 | 14 | 28 | 76 | 50.6 |
| کەم | 8 | 16 | 17 | 34 | 5 | 10 | 30 | 20 |
| تاڕاددەیەک | 6 | 12 | 7 | 14 | 31 | 62 | 44 | 29.4 |
| کۆی گشتی | 50 | 100 | 50 | 100 | 50 | 100 | 150 | 100 |

لە خشتەی (9) ئەنجامەکان ئەوە دەردەخەن کەکۆی بەرتوێژان لە هەرسێ بەشەکە بە ڕێژەی (50.6%) بە ڕادەی زۆر بە گرنگی دەزانن بۆ هەبوونی فلتەرو بەربەست بۆ نیشاندانی وردەکارییەکانی هەوڵێکی تاوانکاری وبەڕێژەی (20%) بەڕادەی کەم و بەڕێژەی (29.4%) بەڕادەی مامناوەند بە گرنگی دەزانن بۆ هەبوونی فلتەرو بەربەست بۆ نیشان نەدانی وردەکارییەکانی هەواڵی تاوانکاری ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە ئەم جۆرە هەواڵانە مەترسیان هەیە و پێویستە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان وەکو هەواڵێکی ئاسایی بڵاوییکەنەوە وزۆر ڕۆچوون وبەرفراوانبوون دەگونجێت یارمەتیدەربێت بۆ زۆربوونی ڕێژەی تاوان.

### 10.6 کاریگەری بڵاوکردنەوەی هەواڵی تاوانکاری لەسەر دەروونی کۆمەڵگە:

خشتەی(10) ڕادەی کاریگەری بڵاوکردنەوی هەواڵی تاوانکاری لەسەر دەروونی تاک ڕوون ەکاتەوە

| ئاستەکان | ڕاگەیاندن | | کۆمەڵناسی | | دەروونزانی | | کۆی گشتی | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ژ | % | ژ | % | ژ | % | ژ | % |
| زۆر | 40 | 80 | 25 | 50 | 45 | 90 | 110 | 73.4 |
| کەم | 2 | 4 | 12 | 24 | 2 | 4 | 16 | 10.6 |
| تا ڕادەیەک | 8 | 16 | 13 | 26 | 3 | 6 | 24 | 16 |
| کۆی گشتی | 50 | 100 | 50 | 100 | 50 | 100 | 150 | 100 |

لە خشتەی (9) ئەنجامەکان ئەوە دەردەخەن لەکۆی گشتی بەرتوێژان بە ڕێژەی(73.4%) ڕادەی زۆر پێیان وایە بڵاوکردنەوەی هەواڵی تاوانکاری کاریگەری لەسەر دەروونی تاک هەیە. ئەمەش ئەوە دەردەخات زۆرینەی قوتابیان ئەوجۆرە هەواڵانە بەکاریگەری دەزانن لەسەر دەروونی تاکدا.

**11.6جۆری کاریگەرییەکانی بڵاوکردنەوەی هەواڵی تاوانکاری لەسەر دەروونی تاک.**

خشتەی(11) جۆری کاریگەری بڵاوکردنەوەی هەواڵی تاوانکاری لەسەر دەروونی تاک ڕوون دەکاتەوە

| ز | گوزارشتەکان: بڵاوکردنەوەی هەواڵی تاوانکاری هۆکارێکە بۆ: | لەگەڵیدام | | نازانم | | لەگەڵیدانیم | | ناوەندی ژمێریی | لادانی پیوەری |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | ک | % | ک | % | ک | % | | |
| 1 | ئاسایبوونەوەی تاوانان لەناو کۆمەڵگادا. | 105 | 70.0 | 19 | 12.7 | 26 | 17.3 | 2.53 | .774 |
| 2 | تێکدانی ئاسایشی کۆمەڵایەتی. | 73 | 48.7 | 26 | 17.3 | 51 | 34.0 | 2.14 | .900 |
| 3 | قێزەونی کاری تاوانکاری و دواجاریش کەمکردنەوەی ڕێژەی تاوانکاری. | 50 | 33.3 | 55 | 36.7 | 45 | 30.0 | 03.2 | .797 |
| 4 | نیشاندانی شێوازی نوێ بۆ ئەنجامدانی تاوانی هاوشێوە لەلایەن تاکەکان | 59 | 39.3 | 70 | 46.7 | 21 | 14.0 | 24.2 | .687 |
| 5 | خۆپارستن لە ئەنجامدانی تاوان. | 48 | 32.0 | 33 | 22.0 | 69 | 46.0 | 86.1 | .874 |
| 6 | هۆشیاری کۆمەڵایەتی تاک فراوان تر دەکات بەرامبەر دیاردەکانی تاوان | 52 | 34.7 | 62 | 41.3 | 36 | 24.0 | 10.2 | .761 |
| 7 | زیادبوونی ڕێژەی تاوانکاری لە کۆمەڵگەدا | 81 | 54.0 | 28 | 18.7 | 41 | 27.3 | 27.2 | .864 |
| 8 | خستنەڕووی چارەنووسی تاوانبار | 50 | 33.3 | 53 | 35.3 | 47 | 31.3 | 02.2 | .806 |
| 9 | ترس و دڵەڕاوکی لە ناو کۆمەڵگە | 63 | 42.0 | 56 | 37.3 | 31 | 20.7 | 21.2 | .764 |
| 10 | سەرنجراکێشی بینەران بۆ کەناڵەکان | 76 | 50.7 | 44 | 29.3 | 30 | 20.0 | 30.2 | .785 |
| پیوەری سێینەی لیکارت( 0.66 -1.66) کاریگەری لاواز، (1.67 -2.33) کاریگەری مامناوەند، (2.34- 3) کاریگەری بەرز | | | | | | | | | |

لەخشتەی (11) جۆری کاریگەری بڵاوکردنەوەی هەواڵی تاوانکاری لەسەر دەروونی تاک ڕوون دەکاتەوە، کە زۆرینەی سامپڵی توێژینەوە لەگەڵ ئەوەدان کە بەرزترین ڕێژەی کاریگەری هەواڵی تاوانکاری لەسەر دەروونی تاک بریتییە لە(ئاسایبوونەوەی ئەو جۆرە تاوانانە لەناو کۆمەڵگەدا) بەپلەی یەکەم هاتووە وبەناوەندی ژمێریاری (2.53)ولادانی پیوەری (0.774)، پاشان(سەرنجراکێشی بینەران بۆ بەکارهێنانی کەناڵەکان) بە پلەی دووەم هاتووە بە ناوەندی ژمێریاری(2.30)ولادانی پیوەری(0.785)بەڕێژەی کاریگەری مامناوەند. سەبارەت بەزۆرینەی سامپڵی توێژینەوە بۆچوونیان لەگەڵ ئەوە نیە کە بڵاوکردنەوەی هەواڵی تاوانکاری ببێتە هۆی (خۆپارستن لە ئەنجامدانی تاوان) بە کەمترین ڕێژەی کاریگەری دێت کە بریتیە لە کاریگەری لاواز بە ناوەندی ژمێریاری(1.86) ولادان پیوەری (0.874). واتە زۆرینەی سامپڵ لەگەڵ ئەوەدانین کە بڵاوکردنەوەی هەواڵی تاوانکاری ببێتە هۆی خۆپاراستن لە ئەنجامدانی تاوان. لەلەلایەکی دیکەوە زۆرینەی سامپڵی توێژینەوە پیوەری(نازانم)یان هەڵبژاردووە بەپلەی یەکەم هاتووە، سەبارەت بەئەوەی کەبڵاوکردنەوەی هەواڵی تاوانکاری دەبێتە هۆی(نیشاندانی شێوازی نوێ بۆ ئەنجامدانی تاوانی هاوشێوە لە لایەن تاکەکانی کۆمەڵگە)بەناوەندی ژمێریاری(2.24) ولادانی پیوەری(0.687) بەڕێژەی مامناوەند لەڕووی کاریگەرییەوە هاتووە.

لەژێر ڕۆشنایی ئەو ئەنجامانە، ئەوە ڕوودەبێتەوە کە بڵاوکردنەوی هەواڵی تاوانکاری بە ڕێژەیەکی بەرز دەبێتە هۆی ئاسایبوونەوەی ئەو جۆرە تاوانانە لەناو کۆمەڵگەدا و هەروەها نابێتە هۆی خۆپاراستن لە ئەنجامدانی تاوان بەڵکو ڕێژەی تاوان زیاتر دەبێت و کاریگەری زۆری لەسەر دەروونی تاک ڕوستدەکات وهەروەها سامپڵی توێژینەوە دڵنیانین کە بڵاوکردنەوی هەواڵی تاوانکاری ببێتە هۆی نیشاندانی شێوازی نوێ بۆ ئەنجامدانی تاوانی هاوشێوە لەلایەن تاکەکانی کۆمەڵگە.

## 7. دەرئەنجام و پێشنیارەکانی توێژینەوەکە

### 1.7 دەرئەنجامەکان:

1. زۆرینەی سامپڵی توێژینەوە ئامرازی سۆشیال میدیا بەکاردەهێنن بۆ سەیرکردنی هەواڵی تاوانکاری بەهۆی ئاسانی بەکارهێنان و خێرا گەیاندنی ڕووداوەکان، ئەمەش جێگەی بە ئامرازەکانی دیکە لەقکردووە بەتایبەت تەلەفزیۆن، لەلایەکی دیکەوە قوتابیانی زانکۆ بەهۆی کەمی کات و سەرقاڵبوون بە خوێندنەوە کەمتر دەتوانن کاتی تایبەت بۆ ئامرازەکانی دیکە تەرخانبکەن.
2. کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان گرنگی زۆر بە هەواڵی تاوانکاری دەدەن، ئەمەش بەهۆی گرنگ بوونی ئەم جۆرە هەواڵانە و زۆربوونی ڕێژەی جەماوەرییان کە زۆرێک لەڕەگەزەکانی سەرنجڕاکێشی و جیاوازی و تازەیی تێدایە. ئەمەش ئەوە دەردەخات کە ئەو کەناڵانە گرنگی بە بەرژەوەندی و پێداویستیەکانی کۆمەڵگە نەدەن و پەنا بۆ بڵاوکردنەوەی هەر بابەتێک دەبەن کەڕێژەی بینەر زیاد بکات ئەگەر مەترسیشی هەبێت بۆ سەر کۆمەڵگە.

3- قوتابیانی زانکۆ بەڕێژەیەکی زۆر بەدوای وردەکاری هەواڵە تاوانکارییەکان دەگەڕێن، کاتێک هەواڵێک دەبین تامەزرۆن بۆ دۆزینەوەی وردەکارییەکانی پێی نەگەیشتوون، ئەمەش بەپێی کات ڕەنگە کاریگەری خراپی لەسەر دەروونیان درووست بکات بەو پێیەی دەبێتە خویەکیش بۆ هەر هەواڵێک هەوڵ دەدەن بزانن چۆن ئەنجامدراوە.

4. کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان لەکاتی داڕشتنی هەواڵی تاونکارییەوە، هەواڵەکانیان بەئاسایی دانەڕشتووە، بەڵکو بەشێوەیەک لەپێگەی تاوانبارانیان بەرزکردۆتەوە کە زیرەکی و توانایی تاوانباریان لەسەر ئەنجامدانی تاوانەکە ورووژاندووە، ئەمەش بە هەنگاوێکی ترسناک دادەنرێت کە هەست و خەیاڵی تاکەکان بزوێنێت و پاڵییان پێوەبنێت بۆ هەنگاونان بۆ ڕێچکەی ئەم جۆرە تاوانانە. ڕەنگە ئەمش مەترسیان هەبێت کاریگەری لەسەر دەرونی تاک دروست بکەن.

5. بڵاوکردنەوی هەواڵی تاوانکاری بە ڕێژەیەکی بەرز دەبێتە هۆی ئاسایبوونەوەی ئەو جۆرە تاوانانە لەناو کۆمەڵگەدا وەهەروەها نابێتە هۆی خۆپارستن لە ئەنجامدانی تاوان بەڵکو ڕێژەی تاوان زیاتر دەبێت و کاریگەری زۆری لەسەر دەروونی تاک دروستدەکات.

### 2.7 پێشنیارو ڕاسپاردە:

1.پێویستە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان لەکاتی داڕشتن وبڵاوکردنەوەی هەواڵی تاوانکاریدا ڕەچاوی مەترسی وکاریگەری هەواڵی تاوانکاری لەسەر دەروونی تاکدا ببن و پەنا نەبن بۆ بڵاوکردنەوەی هەر بابەتێک کەببێتە هۆی زۆربوونی ڕێژەی بینەرو جەماوەریان.

2. پێویستە میدیاکار لەکاتی داڕشتن و نووسینی هەواڵی تاوانکاریدا، وشە و دەستەواژەی شیاو بەکاربهێنێت وڕەچاوی باروودۆخی کۆمەڵگەو سایکۆلۆجییەتی جەماوەر بکات ودووربکەوێتەوە لە ڕۆچوون و زیادەڕەویکردن لە دەرخستنیان و ببێتە هۆی ترس ودڵەڕاوکێ و درووستبوونی بێتاقەتی و بێزاری و نائارامی دەروونی لای بەشێک لە تاکەکان.

3- هەبوونی فلتەر وبەربەست لەکاتی داڕشتن وبڵاوکردنەوەی هەواڵی تاونکاریدا بەشێوەیەکدا ڕەچاوی بەرژەوەندییەکانی تاک وکۆمەڵگەدا لەبەرچاو بگیرێت وهەموو دیمەنێکی تاوانکاری وتاوانبارەکە بڵاونەکرێتەوە.

4- ئەنجامدانی توێژینەوەی دیکە لەسەر کاریگەری دیمەنی توندوتیژی وبڵاوکردنەوەی هەواڵی تاوانکاری لە پلاتفۆرمەکانی سۆشیال میدیا لەسەر دەروونی کۆمەڵگەدا.

## سەرچاوەکان

- Ball-Rokeach, S. J. (1985). The Origins of Individual Media-System Dependency: A Sociological Framework (Vol. 12). - Communication Research,. doi:doi.org/10.1177/009365085012004003
- DeFleur, M. L. (1989). Theories of Mass communication. (5. Th, Ed.) ,U. S. A: N. y,long man.
- Mencher., M. (1993). News Reporting and Writing (4 ed.). (WM, Ed.) C.Browen Company: Dubuque , Iowa.
- Rosenberry, J.(2009). Applied Mass Communication Theory: A Guide for Media Practitioners,: Pearson (3rd Edition ed.). doi:doi.org/10.4324/9781003121695
- Stanley J. Baran, D. K. (2009 .). Mass Communication Theory: Foundations, Forment, and Future. (5thEd, Ed.) Australia: Thomson Wadsworth.
- Stephen W. Littlejohn, K. A. (2008). Theories of Human Communication. Australia.
- Watson, J. (2008 ). Media Communication: An Introduction to Theory and Process. (3. edn, Ed.) Palgrave Macmillan, 23(4). doi:doi.org/10.1177/02673231080230040712

-إسماعيل، عفاف عبدالله أحمد. (2021). اتجاهات الجمهور نحو التغطية الصحفية لأخبار الجريمة. (المركز الديمقراطي العربى، المحرر) مجلة الدراسات الإعلامية(15) ،مايو ، 50.
-تم الاسترداد من https://eipss-eg.org/%D9%86%D8%B8%D8%B1%D9%8A%D8%A9-
-ساڵح، عبدالقادر .(2016) .ڕووماڵی ڕۆژنامەوانی تایبەت بە هەواڵی (تاوانکاری. ڕووداوەکان. دادگاکان، هەولیر، ط1.
-شوانی، هێمن ئەمین. (2021). راگەیاندن و ئاسایشی کۆمەلایەتی. هەولێر.ط1.
- عبد المقصود، نها. (2018). نظرية الاعتماد على وسائل الاعلام. مصر: 21-1-2024.
- عبدالحليم، محمود. (2010). الإجرام الاعلامی، تأثير مشاهدة العنف على سلوك الإجتماعي. بيروت: مركز دراسات والترجمة،ط1.
- علم الدين، محمود (2011) .أطر معالجة الجرائم والحوادث في صحيفة أخبار الحوادث، دراسة تحليلية .مجلة بحوث التربية النوعية( العدد الخاص) شباط، 389-415. doi: 10.21608/mbse.2011.144952 .
-المغامسي، أمين بن أحمد .(10 ,2002) .قواعد عامة لنشر أخبار الجرائم والحوادث فى الصحف .المجلة عربية للدراسات الأمنية والتدريب , 17(34), 254.
-مكاوي، حسن عماد، حسين، ليلى. (2012). الاتصال ونظرياته المعاصرة . القاهرة: المكتبة المصرية اللبنانية.ط12.
-محمد، ئازاد عبدالعزیز(2023). سیاسەتی پلاتفۆرمەکانی میدیای نوێ و ڕۆڵی لە دروستکردنی بەرپرسیارێتی ئەخلاقی پیشەیی لە هەرێمی کوردستان. گۆڤاری زانکۆ بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان، 27(5)، 105-122. (15)تشرینی یەکەم doi:http://doi.org/10.21271/zjhs.27.5.7 .
-ناجي، اللواء إبراهيم .(2002) .دور الإعلام فى مكافحة الجريمة والحد منها .الرياض: جامعة نايف عربية للعلوم الأمنية.
-النفيسة، عبد الله بن عبد الرحمن. (2009). اتجاهات الشباب السعودي في الجامعات نحو نشر أخبار الجريمة في الصحافة المحلية وعلاقتها بخصائصهم الاجتماعية.رسالة ماجستير: جامعة نايف العربية للعلوم الأمنية، المستودع الرقمي المؤسسي لجامعة نايف العربية للعلوم ال، المحرر) الرياض. تم الاسترداد من https://repository.nauss.edu.sa/handle/123456789/52759?show=full
-نوري ياسين هرزاني. (2005). الأعلام والجريمة. أربيل: مطبعة جامعة صلاح الدين.
الهيتي، هيثم هادي. (2008). الإعلام السياسي والإخباري في الفضائيات. عمان: دار أسامة للنشر والتوزيع.ط1.

(*) پسپۆران:
- پ.ی.د. صادق حمە غريب حمە صادق. مامۆستای بەشی راگەیاندن، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین/ هەولێر.
- پ.ی.د. ئازاد عبدالعزیز محمد، مامۆستای بەشی راگەیاندن، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین/ هەولێر.
- پ.ی.د. عەبدولخالق ئیبراهیم مستەفا، بەشی راگەیاندن، کۆلێژی تەکنیکی کارکێری، زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر.

**اتجاهات طلبة الجامعات نحو نشر الأخبار الجريمة في القنوات الفضائية الكوردية**
**دراسة ميدانية على طلبة كليه الآداب في جامعة صلاح الدين/ أربيل**

**وريا روستم محمد**
قسم الإعلام، كلية الآداب،جامعة صلاح الدين- أربيل،قليم كوردستان،العراق
wria.muhamad@su.edu.krd

**جواد محمدأمين عيسى**
قسم الصحافة، كلية الإعلام، جامعة كركوك، كركوك، العراق.
jawadmohammed@uokirkuk.edu.iq

**ملخص**
هدفت هذه الدراسة إلى التعرف على اتجاهات الطلبة نحو نشر اخبار الجريمة في القنوات الفضائية الكردية، ومعرفة إلى أي مدى من الممكن أن تساهم نشر مثل هذه الأخبار إلى تشكيل وعي عند الجمهور، ومن ثم التقليل من أعمال العدائية والجريمة في المجتمع، تعتبر هذه الدراسة من نوع الدراسات الوصفية، استخدم الباحثان منهج المسح، واعتمد الدراسة على استمارة الاستبيان لجمع المعلومات والبيانات، يتمثل مجتمع الدراسة من طلاب جامعة صلاح الدين-اربيل، تم أخذ عينة من طلاب كلية الآداب، قوامها 150 مبحوثا مقسمين على ثلاثة أقسام في الكلية وهو قسم الإعلام وقسم الاجتماع وعلم النفس، واستخدم الباحثان العينة العمدية لهذا الغرض، وتوزعت المبحوثين بالتساوي على الأقسام الثلاثة ولكل قسم 50 مبحوث. وكانت أهم نتائج الدراسة:- ان القنوات الفضائية الكوردية تهتم كثيرا بأخبار الجريمة، وذلك بسبب أهمية مثل هذه المضامين من الأخبار والتعرض الكبير للجمهور لها، وهذا يدل على أن القنوات الفضائية الكوردية لا تهمها مصالح واحتياجات أفراد المجتمع، إنما ما يهم هذه القنوات نشر أي خبر أو مضمون بحيث يؤدي إلى زيادة حجم تعرض الجمهور حتى وإن كانت هذه الأخبار أو المضامين تزيد من نسبة العداء والجريمة بين أفراد المجتمع.
**الكلمات المفتاحية:** اتجاهات، الطلبة الجامعة، الجريمة، القنوات الفضائية.

**Directions of university students to publish crime news on Kurdish satellite channels**
**Field study on students of the Faculty of Arts in Salahuddin University / Erbil**

**Wria Rostam Muhamad**
Department of Media,Faculty of Arts,Salahuddin University -Erbil ,Kurdistan Region.Iraq
wria.muhamad@su.edu.krd

**Jawad Mohammed Amin Issa**
- Kirkuk University / Faculty of Media / Department of Journalism
jawadmohammed@uokirkuk.edu.iq

**Abstract**
This study aims to introduce the students' approaches to publishing crime news on Kurdish satellite channels, and to identify any possible medium that can support such publications. This study considers the news on the formation of consciousness among the public, and then the analysis of criminal and criminal activities in society, and its kinds. The study uses descriptive studies, using the survey methodology, and relying on the use of surveys to collect information and evidence, such as the study group of students of Salahuddin University-Erbil. It takes a look at the students of the Faculty of Arts, which consists of 150 participants divided into three courses in the faculty, the Department of Information and the Department of Society and psychology. The researchers used a deliberate eye on this nature, and distributed the participants equally over the three divisions and each division 50 participants. The main results of the study are: Kurdish satellite channels are heavily covered with crime news, and because of the importance of these events from news and great exposure to the public The Kurdish satellite channels do not meet the interests and needs of the people of society, but they do not publish other news. The content of this article may increase the amount of public expression even if these news or articles increase the proportion of wrongdoing and crime among members of society.
**Keywords**: Student Directions, University, Crime, Satellite Channels.